مەسرور بارزانی:-بەردەوام لەگەڵ بڕیز سوودانی لە پەیوەندیدام و شاندەکانی دانوستانکاریش بەردەوامن بۆ وڵانانی کێشەکان



مەسرور بارزانی، سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، هەرێم قیرانی سەختی ئابوری تێپەڕاند و هەموو هەوڵەکیان خستوەتگەڕ تاوەکو کێشەی موچە بهێنن، بەردەوام لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق لەسەر هەڵوێستن بۆ بڵاوکردنەوەی کێشەکان

مەسرور بارزانی ئەمڕۆ لەو وتارەکدا لەمیانی کردنەوەی پردی دەربەندی ڕانیە - بنگرد ڕایگەیاند، "دەستخۆشی لە وەزارەتی ئاودانکردنەوە و نیشتەجێکردن و کەمپانیای جەبەجێکار دەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم پڕۆژە گرنگە کە بۆ گومان سودەکی زۆر بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە دەگەیەنێت و سنوری پشدەر و بەتوێن و مەرگە پەکەوە دەبەستێنەوە، ئەمە سودەکی زۆری دەبێت بۆ هاتوچۆی هاوڵاتیان و ئاسانکاری بۆ هاتوچۆی هاوڵاتیان دەکات؛ هەروەها سودەکی زۆری دەبێت بۆ گواستنەوەی بەروبومی جوتیاران لە ناوچەکە، هەروەها یارمەتی گەشەسەندنی گەشتیاریی لەم دەڤەرە دەدات".

ئاماژەی بەوەشکرد، "چوار ساڵ لەمەوبەر لە بارودۆخێکی سەختی دارایی و تێندروستی بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرەسی کۆرۆنا و ئەو قیرانە ئابوورییەی توشی هەرێمی کوردستان بو، ئەمە لەو کاتەی بەردی بناغەی ئەم پڕۆژەیەمان دانا کە خۆشبختانە لە ماوەی دیاریکراوی خێدا تەواو کرا و خرایە خزمەتی هاوڵاتیان، ئەمە بۆ ئەمە مایەی شانازی و پۆ زانینە".

مەسرور بارزانی ئەوەشی وت، "ئەم پرۆژە گرنگە بۆ تواوی لایەن توانا ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراوە، خۆشبەختانە ئەمڕۆ شاهیدی ئەوەین کە توانا ناوخۆییەکان لە بواری دروستکردنی ڕێگاوبان گۆشیان سندوە و کواڵێتیی ڕێگا و پردەکان زۆر باشتر بوە".

باسی لەوەشکرد، "پلان و بەرنامەمان هەیە بۆ خزمەتی کەرتی ڕێگەوبان لە هەمو ناوچەکانی کوردستان، خوا یار بێت بۆ باشتربونی دۆخی دارایی، تێی ڕێگەوبانی هەرێم کە شادەماری ئابوریی هەرێمن، بۆپێی ستاندارد نەودەوڵەتییەکان زیاتر پێش دۆخەین، خێکی ئەم دەفەرە وەك ناوچەکانی دیکەی کوردستان بگومان هەمومان دەزانین کە قوربانییەکی یەکجار زۆریان داوە لەپێناو ئازادی و بەدەستهێنانی دەستکەوتە نیشتمانییەکان، بۆیە خێکی ئەم دەفەرە، شایستەی زیاتر خزمەتکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارین".

ڕونیشیکردەوە، "لەم ڕوەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار ساڵی ڕابردودا لە چوارچێوەی توانای بەردەست، چەندین پڕۆژەی جێراوجێری لەم دەفەرە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئەنجام داوە و بەردەوامیش دەبین لە خزمەتکردنی زیاتری خێکی ئەم ناوچەیە".

پەیوەست بەە دۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی وتی، "لە چەند ساڵی ڕابردو، بارودۆخ و قەیرانی سەختی ئابوری و دارایمان تێپەاندوە، لەڕدا جارکی دیکەش سوپاسی خێاگریی هاوڵاتیانی خۆشویست دەکەم، ئەمە هەمو هەوڵکانمان خستەتە گەڕ و هەمو تواناکانی خۆمان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی کەتایی بەم دۆخە سەختە ئابوریە بهێنین، بە تایبەت موچەی هاوڵاتیان کە لە کاتی خۆیدا بدرێت، هەوڵمان داوە کۆشکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی لەسەر بنەمای دەستور و ڕێککەوتنکانی نێوانمان چارەسەر ببن، بە ئەوەی ماف دەستوری و شایستە دارایکانمان دابین بکرێن و زیاتر خزمەتی خێکی کوردستان بکەین".

وتیشی، "بەردەوام لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی فیدڕاڵ محەمەد شیاع سودانی لە پەیوندیدام و شاندکانی دانوستانکاریش بەردەوامن بۆ وڵاوەنانی کێسپکان و لەم بوارە داین، کە دەتوانین پکەوە لەسەر بنەمای دەستور و بڕژەوەندیی گشتیی هاوڵاتیان، سەروەت و سامانی عێراق و هەرێمی کوردستان، بۆ خزمەتی هەمو هاوڵاتیان و پێشخستنی ئاستی خزمەتگوزاریکان بکار بهێنین و پگەی ئابوریی عێراق و هەرێم لە ناوچکدا بەرز بکەینەوە".